# نڤیشکێ لە ئەدەبیاتی ئافرۆئاسیاییەوە

محمود زامدار



ئەدەبیاتی پێشکەوتنخوازی سەرانسەری جیهان ، پەیوەندییەکی گیانی بەگیانیانەی بەیەکتریەوە هەبەو ڕەنگی پاکی خەون‌و ژانەکانی مرۆڤایەتی ئەداتەوەو لەئاسۆگەیەکی مرۆڤانەوە سەری هەڵداوەو ئەشڕژێتە نێو ئۆقیانووسی ئاسۆگەیەکی شینی مرۆڤانەوە .. سەرلەبەری فیکرو ئەدەبیاتی ژانگرتووی جیهان لێویان لە یەك کانیاوی ڕوونا تەڕ کردووەو لەبەردەم یەك تاڤگەی تەرچکا کۆبوونەتەوەو هیچ فەرق‌وجیاوازییەکیان لەنێوانا نییە ... !

ڕاستە گەر ئەدەبی نەتەوەیەك ـ لەئەنجامی گەلێ هۆی شارستانیەوە ـ لە ئەدەبی نەتەوەیەکی کە ، زاخدراوتر بێ ... ڕاستیشە گەر ئەدەبی دوونەتەوەی هاوسێ یان هاوژان یان هاوشان‌و هاوخەون‌و ئامانج لەیەك نزیکتر بن ... ڕاستە گەر ئەدەبی دواکەوتووو و ئەدەبی پێشکەوتووش هەبێ .. ئەوەیش ڕاستە گەر هەر ئەدەبێکیش مۆرکی نەتەوەیی خۆی هەڵگرتبێ‌و خودی ڕەسەنی خۆی نەدۆڕاند بێ ... ڕاستیشە ئەدەب هەریەك ئەدەبە ، لە مرۆڤایەتی‌و بۆمرۆڤایەتی‌و سەر بەمرۆڤایەتی‌و بەها پاکەکانیەتی .. بەڵام ئەوەی کە زۆر ئاشکراو ڕوونە ، گەلێ پەیوەندی‌ی قووڵ‌و ڕەگدار لەنێوان ئەدەبیاتی گەلانی هەردوو کیشوەری ئەفریقیاو ئاسیادا هەیەو خاسیەتێکی گشتی وای هەیە ، کە پتر لەکیشوەرەکانی تر بە یەکیانەوە ئەلکێنێ ... هەر چەندە قۆناغ‌و بابەتی جیاجیاو گەلێ ڕوخساری مێژوویی‌و شارستانی‌و مەودایەکی درێژودوور لەنێوان دووکیشوەرەکەش‌دا هەبێ ، بەڵام بەهیچ چەشنێ ، هیچ جۆرە تەمتەمێك دروست ناکات‌و نەبووەو ناشبێتە مایەی دوورکەوتنەوەو لاتەرازی‌ی ئەم دوو ئەدەبە لەیەکتری .. چونکە ئەدەبیاتی هەردوولا ، لەڕۆژی ئەمڕۆی‌دا بووە بە پانەشەپۆلی یەکڕووبارو لێزماوێکی مەزنی پڕتەوژم‌و تەزوو بە شێوەیەکی وا ئەتوانین زۆر بەئاسانی‌و بەڕەهایی باسی ڕێژەوشیرازەو گەشەکردنی ئەدەب‌و پەیامی ئەدیب‌و قوولکردنی نێوان هەردوو ئەددب‌و ئەدیبی نێوان هەردوو کیشوەرەکە لە مەیدانەکانی داهێنانی ئەدەبی‌و سیاسەت‌و کۆمەڵایەتی‌دا بکەین ... ئەخوازەڵلا ماوەیەکەو بەردەوام ، ئیمپریالیزمی ڕەگەزپەرستو فاشست ، دەرکی بەدەوری دیاری وشەی زگبڕو شۆڕشگێڕی ئەدەبیاتی ئافرۆئاسیایی‌و نووسەری سەرازادی هەردوو کیشوەرەکە کردووەو

بەهەموو شـــێوازو رێگابـــەك ، بەداوداخســتنو هەناسەقرتاندن هەوڵی بەربەستکردنو لەخشتەبردنی داوەو ئەدات .. بێگومان هەر لەم سەرشارەوەیش ، ئەدیبانی هەردوو کیشوەری هاودەنگو هاومێژوو ، خۆیان بەخاوەنی یەکرەوشتی شۆڕشگێرانەو یەکروو یەكمەبەست ئەزاننو مەسەلەیەکی قووڵی مرۆڤانە ، سەرپاکیان بەیەکەوە گرێئەداتو جەمسەری یەكهیوا، ئاڵاوەتە سەرپەنجەیانو شانەو شیلاوگەی ووشـــەی کارامـــەو شۆڕشگێرانـــەیان ئەخولقێنیو بێدەنگـی ئەخاتەلاوەو هـــەزاران قەفـــەگوڵ ئەشـــکۆفێنیو بەشداریەکی لەبار لەبنیـــادنانی ژیانو خولقانـــدنی سەرلەتازەی مرۆڤو لەگۆڕینی جیهانو هەڵخستنی بەهاو پێوەری پڕ لەدادو یەکسانیو جوانیدا ئەکات.. چونکە نووسەرانی هەردوولا ، بەپێی ئەو کەلەپوورە بەهادارو هاوکۆیـــەی نێوانیـــانو بەپێی خەباتی هاوکوفیانەوە ، لەپێناوی دەرخستنی رووی راشکاوی ناسنامەی نەتەوایەتیو بەدیهێنـــانی سەربەســـتیو ئازادیو دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگـــەیەکی نوێو بەپێی نیازو خواستی هاوکۆو بەپێی بڕوای بتەویان بەبەهای پاكو بەرگوشادی مرۆڤانە : بەهاکانی خوێنو ئازادیو دادو ئاشتی ، وەکوو شڵخەی هەنگ بەیەکەوە لکاون.. شاعیری گەورەی ژاپۆنیا «هاسیکا واریۆسی» لە قەسیدەیەکی خۆی کە لە ژێر ناوی (ڕاوکەر) دایە ، بە وشە کەڵەپشکۆکانیەوە دەس نیشانی ئەمە ئەکاتو ئەڵێ :

فەرمانە بەتەلەفۆن ،
فەرمان بە دوا دەستەی فرۆکەوانە سادیزیەکان ئەدا
تا هەزاران مرۆڤ فڕبکەن ..
لەپێناوی کارو قازانج ، قازانجی ئێوەو بەس
شەپۆلەبای تەڤینەوەیەکی خۆش
بازاڕتان گەرمتر ئەکات ..
بەڵام ئێوە یاغیشن
چونکە ناتوانن ، رەگی مرۆڤایەتی بنبڕ بکەن
ئێمەش قەڵاچۆ ..
ئێمە کێین ؟
ئێمە راوکەرو نێچیرەوانین
ئێمە دادوەرینو ژیانتان ئەپشکنین
تاوانو پشکەخوێنە پاکەکان ، کۆئەکەینەوە ..
ئەی ئەوانەی دوای هیرۆشیما ، بەزیندوویی ماونەوە
خەم مەخۆن ،
رازی زامی سەختتان بۆ کەس مەدرکێنن ..
با هەموومان تاوانبارەکان بدۆزینەوە
با بگەینە بەر دەرگا ،
ئەبێ ، ئەوانە کێ بن ؟
هەرچەندە ئازار بدرێین ، بکوژرێین
ئەوا ڕەوڕەوەی مێژووی ئەم ڕاوکردنە
ڕاناوەستێت ..
لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا ،
ژمارەی ڕاوکەران پتر ئەبن
لقوپۆپ دەرئەدەنو بەدەرئەکەونو
ئەبنە سەرقافلەچیی ڕۆژی حەشر ..
کەواتە : منی ڕاوکەر ، ئێمەی نێچیرەوان
هاتووین ، تا ئاگری ئەفرەتنو تاوان بکوژێنینەوە ..

کچە شـــاعیری پڕ لە میهری (ســـیرالیۆن) یش (باباژی ژیدا) لایەنێکی تری مەســـەلە هەڵایســـاوەکە سەرەنداز ئەکاتەوەو لە قەســـیدەی (کرێکار) دا ، بەئازارێکی قووڵەوە بیرازێك ئەکاو ئەنرکێنێ :

بەم چەشنە پالەپەستۆ ئەکرێینو
دەئاخنرێینە نێو پاپۆڕی کەرەستەی خاوی ئاسنەوە ،
نێو لۆری لەندەهۆرو
قۆناغەکە دەس پێ ئەکات ،
ترسو ئەمریو ریگای تەنراو ، دەس پێ ئەکات
خەونەکان دێنەدی
خەونەکان نایەنەدی
ئەئاوا زەویە تازەکە ، بەدەرئەکەوێ
ئەئاوا دەسوبازووی هەرزان دەسئەکەوێ
ئەئاوا وەکوو سەردین پالەپەستۆ ئەکرێین
تێكدەترنجێینو وەکوو ئاژەڵ دەژین
لە گۆڕەپانە لانەوازەکان ئەکەون ..
ئەئاوا زستان دێ
پایز دێ
بەهار دێ
هاوین دێ
ئەئاوا ، تووشی دیق دەبن ،
دەبن بەکەنناسی شەقامەکان
موچەکانیان کەم دەکرێتەوە
ئەئاوا ، مەرگ سەریان لێ ئەدات
کۆچی بێگەڕانەوە ، دەس پێ ئەکات
لە غەریبایەتیا سەردەنێنەوە
ئەئاوا ، سەرگوزشتەکە تەواو دەبێ

**ئەڵوا ، ئەی کرێکارەکان**

ئەئاواش ، سەرباری ئەوەش کە ئەم دوو کیشوەرە کۆنە ، سەرچاوەی راستەقینەی شارستانیەتی سەرلەبەری مرۆڤە ، چ لە فیکرو چ لە ئاینو فەلسەفەدا ، لە هەمان کاتیشا کەلەپوورو سامانی هەموو مرۆڤایەتیشە .. کەچی ئەرژەنگی دزێوی ئیمپریالیزمی جیهانی ، تا ئێستا هەر هەوڵی ئەوەئەدات ، ببێتە درکی مەمو زینانو دان لە شادەماری مرۆڤەکانی تیژ بکاتو بنچینەی شارستانیەتی رەسەنی بروخێنێو رۆشنبیریو خودی نەتەوایەتی ئەو گەلانە بشێوێنێ ، هەر لە رۆژهەڵاتی ئاسیاوە بگرە ، تا رۆژئاوای ئەفەریقیاو تاباکووری باشووری ئەو دووکیشوەرەو هیچی پێنەماوە لە دژی مرۆڤەکانی نەیکات ، هەربۆیەشە شاعیری داهۆمییش (ئۆستاش برۆدنسیۆ) لە قەسیدەی (ژوان) دا هەژگەو بژالی مەسەلەکە هەڵئەداتەوە وئەڵێ :

**بلو ئۆقیانوسەکان بەشی نەکردن**
**هاتوون زەویمان لێ داگیر بکەن**
**بۆ ؟ دەبڵێن بۆ ؟**
**ئەوان تفەنگیان هەبوو**
**شەرابیان هەبوو**
**درۆیان هەبوو**
**رقو کینەیان هەبوو ..**
**زەویەکەمان بەشی نەکردن**
**بەگۆرانیو سەماوە ، بەهەر پێنج کیشوەرەکەوە**
**دێینە ژوان**

**دلیشمان بۆ دۆستایەتیو ئاشتی و رەسەنایەتی ئەجۆشێت ..**
**پەنجەیەك چیە ،**
**یەكپەنجەی دەستی رووناکی**
**کە چراوگی یەکێتی جیهان بەرزەکاتەوە**
**نادۆڕێنین ..**

هەرئەمەشە پاڵ بە ئەدیبانی هەردولاوە ئەنێ ، تا ئەددبی نەتەوایەتی خۆیان لەهەمێز بنێنو رەوتەکەی قووڵتر بکەنو ترگاری خوێنی نوێخوازی پێببەخشنو خاسیەتی تایبەتی بۆ بیری رەسەنی خۆیان بسازێنن ، لەهەمان ساتیشا بازیبەندی خەباتو ئەسرەوتن ببەستن .. بۆیەکە هیچ مقۆمقۆیەکی ئیمپریالیزمیانە ناتوانێ ناوی دیاری ئەدیبانی خۆشزمانی ئەفریقیاو ئاسیا بخاتە ژێرلێوەوەو بەری خۆی بگرێت ، چ شیعرو گۆرانیوسرود چ لە رۆمانو شانۆگەریو چیرۆكو وتاری کۆمەڵایەتیو سیاسی ئاگرڕەنگو پڕ لە لیزگەو گیانی بەربەرەکانێی دژی بەندایەتیو رەگەزایەتیو تۆقاندنی چینایەتیو نەتەوایەتی .. دیارترین نیشانەش بۆ ئەم دیاردەیە ، ئەو هەموو کۆنگرە بەخەمرەخسیوانەن کە ئەدیبانی ئەفریقیاوئاسیا ، لە پاریسو رۆمادا ئەیبەستن ، سەرباری هەزارەها کۆڕی بەجۆشی ئەدەبیو جیهانیی جوێجوێ ، بەتایبەتی ئەو کۆڕانەی کە لە (داکارو فریتاونو ئۆگەندا) دا بەستران ، کە خۆیان لەخۆیاندا، نیشانەیەکی گەورەی ئەم ئەدەبە ـ ئەدەبی ئافرۆئاسیایی ـ سەرفرازەیە ، کە رۆژ دوای شەو ،





لقوپۆپ دەرئەداتو بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا تەرجەمە ئەکرێتو جۆرەها خەڵاتی جیهانیی بۆ ئەدەبو ئەدیبانی ــ بەتایبەتی ئەفریقیایی ــ تەرخان ئەکرێت .. لە گێژینەی ئەم راپەڕینە ئەدەبیەشدا ، ئەم تاسەو سۆزە پاکو گەرمەشدا ، گەلێ داهێنانی بەبایەخ ، لەم ساڵانەی دواییدا خوڵقاودو پەرسیلەی باخی هونەرمەندو ئەدیبانی پێکەیوە .. ئەی ئەوەنیە شاعیری گەوردی گینیایی (کۆنتێ سایدن تیدیانی) لە قەسیدەی (شەهیدەکان) دا ، دێو چراخانێکی وا هەڵئەکاتو لەنێو شەپۆلی روناکیەکەیدا ، هەموو مێشوولە کوشندەکانی ئیمپریالیزم نوقمەسار ئەکاتو ئەڵێ :

**رۆژێ دێ ،**
**یادی گۆرانیبە بەسۆزەکانی نێو دۆڵەکان بکرێتەوە**
**یادی دەنگی دەهۆڵی دووری تامتام**
**یادی بازنەسەمای بەردەم ئاخلەی هەیفەشەو**
**یادی ئەو مردوانەی ،**
**کە پریشك لەسپێنەی چاویان دەرئەپەڕێو**
**شەوە بێئەستێرەکان ئەڕوخێنن ..**

بێگومان کێشەی رزگاریی نیشتمانیو خەباتی بێووچان ، لە پێناوی سەربەستیو سەربەخۆییو کەرامەتی مرۆڤدا لە مەسەلە هەرە گرینگەکانی ئەدەبیاتی هەردوو کیشوەرەکەیەو هاوارو زریکەیەکی سەرازادە ، دژی روشێواندنو جەزرەبەدانو رەگەزپەرستی ، ئەخوازەڵلا لەمەیدانی شیعری لیریکانەی راستەوخۆو درامیانەدا .. چونکە خەباتی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی ، ئاقەبنچینەو زەمینەیەکی بتەوی ئەدیبانی هەردو لایەو لەم بوارو قۆناغە هەرە ناسکەی کۆمەلکەکانی هەردوو کیشوەرەکە بەیەك ئەبەستێتو بەهیچ کلۆجێکیش دەسازۆ ناکرێن .. بێگومان ئەم جۆرە خەباتەش پێویستیەکی زۆری بەفیکرو ئەدەبو هونەرو رۆشنبیرییەوە هەیە ، تا تیرە بازنەی رەوتەکەی خێراتر بکاتو ببێتە مایەی لە زاخدانی هۆشو بیری کۆمەڵانی خەڵكو خوڵقاندنی بەهای ژیانێکی سەرفیرازتر .. هەر ئەمەیشە دەوری ئەدیبی ئافرۆئاسیایی ــ بەپێی قۆناغو پێویست ــ لەدەوری ئەدیبانی کۆمەلکە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان جیائەکاتەوە ، چونکە ئەو ئەرکانەی کە کەوتۆنەتە سەر کرۆژەلەی شانی گەلانی راپەڕیوی هەردوولا ، ئەرکێکی مێژوویییەو پێداویستیەکی زۆری بە هەموو جۆرە بەشداریەك هەیە ، بۆ دەسگیرکردنی ئازادیو تەفروتوناکردنی رەگەزپەرستی پڕ لە ئەنگوشوورەیی .. هەربۆیەشە جەوهەری هەردوو ئەدەبی ئافرۆئاسیایی خۆی بەندکردوە ــ بەمانا فراوانەکەی ــ بەپەیوەندی دیالێکتیکانەی نێوان ژیانی رۆشنبیریو ئەدەبو سیاسەتەوە .. هەروەکوو چۆن لە ئرکەی پڕ لە ژانی شاعیری دیاری پاکستان (فەیزی احمد فەیزی) و لە قەسیدەی (ژووری تەنیای بەندیخانە) کەیدا رەنگ ئەداتەوە :

**چراکان بکوژێنەوە**
**مەیو بادەی مەی لادە ، ئەی دڵە زامدارەکەم**
**دەرگا ئەخەوتوەکانت ، خڕ داخە**
**چونکە کەس نایەتە ئێرە ، هیچ کەسێ ..**
**با گشت شتێکم لێبسێنن ،**
**خامەو دەفتەرم ، من ناپەشۆکێم**

هەر ئەم حەزو گزوفتو ژانوژێو ئەم کارە مەزنە مێژووییانەو تێکچرژاوانەشە وای لە نووسەری هەردوولا ، کردووەو ئەکات ، کە هەمیشە سەردەقشکێنو سەربەمێژوو، مولتەزیم بنو بەراستی ــ نەك بەقەستی !! ــ ببن بە نووسەری هونەرمەندو شۆڕشگێری راستەقینەو ــ بەمانا فراوانەکەی ، نەك بەمانا گەندو تەسکەکەی هەندێ شاعیرۆچکەی لای خۆمان !! ــ کەمەری مەردایەتی ببەستنو خەمەکانی ژیان لەیەك دازەنو دڵە شەیداکان ئاورشێن بکەنو لەگەڵ جووڵانەوەی بەشانو شکۆی مێژوودا بمێننەوە

.. هەر لێرەدا پێویستە ئەوەش هەڵنەبوێرمو بڵێم : وانیە نووسەرانی ئافروئاسیایی ڤێزوبێز لە ئەدەبیاتی پێشکەوتووخوازی رۆژاوائەکەنو ئەیخەنە لاوە ، نەء، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ، بەئەلهاو حەزەوە ، ئەدیبانی هەردوولا ، لەو بروایەدان کە ناکرێو ناوێ ئەدەبیاتی رۆژاوا، تەواوترو پوختر بێت ، گەر سوود لەئەددبیاتی گەلانی ئافروئاسیا وەرنەگرێتو خۆی بەراستەپەراسووی ئەدەبیاتی ئەو گەلانەوە نەبەستێتەوە ، چونکە ئەم هاوسەنگی‌یە لەوەندو جوانە ، ئەبێتە مایەی داکشانێکی بەرفراوانی هۆشو بیری سەرتاسەری مرۆڤایەتی‌و شەقڵ‌کێشانی خەرمانبەرەکەتی فیکری گەلانی سەرلەبەری ئەم ئەستێرە بێئارامەمان .. دەنگی نووسەرانی ئەم گەلانە ، ددنگی سەرازادی‌و یەکزمانی‌و بێ پێچوپەنای هەموو مرۆڤایەتی‌یەو مایەی یەکسانییەکی فراوانی نێوان مرۆڤە .. چ لە ئەرکا ، چ لە مافا ، چ لەکارو داهێناندا ، بێگوێدانە جۆری ڕەگەزو ڕەنگو خوێنو شوێن ...

## هەندێ لە خاسیەتەکانی ئەدەبی ئافروئاسیا

بێگومان هەروەکوو چۆن گەلە قارەمانەکانی هەردوولا ، بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ بەدەستی دەڵەدێوی ئیمپریالیزمەوە ، ناڵاندوویانە ئەئاواش ئەو دەستبەزاخکردنو ناڵاندنو ئازارە ، بۆتە مایەی کەفرژاندنێکی گەرمو ڕێساو دەستوری هاوکۆی بۆ ئەدەبی هەردوولا دروستکردووەو خاسیەتێکی تایبەتی‌و لە ئەدەبیاتی ــ کەم‌تاکورت ــ جیهانی بەدەری پێبەخشیوەو شەقڵێکی جوانی بۆ کێشاوە .. هەر ئەم پێیەش ئەدەبی هەردوو کیشوەرەکە بەسێ قۆناغی پەیدەرپەی‌و ناوێتە بوا ، ڕەتبووەو ڕچەی شکاندووە :

**یەکەم :** قۆناغی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکو چاوکرانەوەی گەل لەسەر ئەو واقیعە تاڵو ناڕەوایەی کە تێیدا ئەژێت ، هەروەکوو چۆن لەقەسیدەی (کێ هەیە ئەفەریقیا ڕزگار بکات) ی شاعیری خەباتگێری گانایی (ئۆکارا مۆر دۆو) دا چەپەرێکی قایم لێئەداتو ڕەنگ ئەڕێژێ :

**ڕاپەڕن ، ئەی ئەفریقیاییەکان**
**وا سپیەکان هاتن**
**هاتنو شانی ئێوەیان کردە پەیژە**
**هاتن سپیەکان هاتن ...**
**ئەفریقاییەکانیش لە نێو هەژاری‌و کەودەنی‌و نەزانینا ئەتلێنەوە ..**
**ڕاپەڕن ئەی ئەفریقاییەکان ، واسپیەکان هاتن .. !**

**دووەم :** قۆناغی ڕەفزو ناڕەزایی‌و هەراوکێشەو سەربزێوی‌و یاخی‌بوون ، هەروەکوو چۆن لە نێو قەسیدەی (دوور وولاتێ) شاعیری مادگەشکەر (ڕابیاری‌ڤیلۆ) دا ئەم دیاردەیە پتر لە زاخئەدرێو ئەدرەوشێتەوە :

**بۆ چ ئامانجێ ، ئەم ژیانە پڕ لە مەترسیەم کۆتایی دێ**
**بۆ ژێر زەریا ، یان بۆ سەرکەناری دڵنەوایی ؟**
**گرنیگ نیە ــ باسواری پاپۆڕ بین ــ چارمان نیە**
**یا بە یەکجاری سەیری ئاگری بەیانیان بکەین**
**!! گرەکەی بۆم بێو لەنێو گێژینەی چارەنووسما مجۆشێنێ ..**

لەهەمان ئیقاعا ، شاعیری مۆزەمبیقیش (مارشلینۆ سانتۆس) لە قەسیدەیەکی خۆی‌دا کە لەژێر ناوی (خاکی‌داکشاو) دایە باسی چەوساندنی مرۆڤ ئەگێڕێتەوە ، باسی ئەو قانوونە ناڕەوایەی موستەعمەراتەکان ئەکات کە ڕێگا بەهیچ موزەمبیقییەك نادرێ تا لە سنووری گوندەکەی خۆی بپەڕێتەوە ، گەر پسوولەی پێ نەبێ .. لەشارەکانیشدا گەر ئەفریقیاییەك ئەو پسوولەیەی پێ نەبێ ، ناتوانێ بەشەوان دەرچێت .. بۆیە بەگیانێکی پڕ لە ڕەفزو سەرکێشیەوە وێنەکە ئەکێشێو ئەڵێ :

**ئای لەو ژیانە ناهەموارەی**
**سەر ئەو خاکەی ، کە لێی بووم**
**ئەو خاکە ، تۆ چاندت**
**گوێزی هیندی‌و زیزالت تێدا چاند**
**کۆمپانیاکان بەبازووی تۆ دروستبوون**
**شارەکانت بنیادنا**
**ڕێگاکانت تەختکرد**
**دیواری دەربەندەکانت هەڵچنی**
**ویستت لەسەر ڕووی خاك**
**وێنەی ڕوخساری مرۆڤێ بکێشیت**
**بەڵام بێهوودە .. تەنیا پسوولەیەکیان پێدای**
**ئێمەش وەکوو تۆین**
**لەسەر خاکی خۆمانا**

**بێبەشو بەندیو دەمبەستراوین ...**

سێیەم : قۆناغی شۆڕشو شۆڕشگێڕانو بەرەنگاربوونو ڕووبەڕووبوونی کارامە ، هەروەکو چۆن لەقەسیدە درێژەکەی شاعیری پێشکەوتووی تورك (نەزفەت ئاستن) دا خۆی ئەنوێنێ

**لەگەڵ تۆمە ، ئەی ئەمەریکاییەکە**
**گوێم بۆ شلکە**
**تا سەربردەی مرۆڤایەتیت بۆ بگێڕمەوە ،**
**ئەم بەختیارییە بێپایانەت**
**بەرلەوەی شادەماری زەوی خوێن دەربدات نەبوو**
**بۆ دواجار ، گوێم بۆ شلکە**
**ئەرێ چۆن لەنیسانا باران ئەبارێت ؟**
**ئەرێ چۆن باڵندەی نەورەس لە ئاسمانی بەندەردا**
**لەشەقەقەی باڵئەدا ؟**
**دلم وازە ، سەیری بکە :**
**وەکوو سترانێکی تینوارە ،**
**زۆر شتت بۆ ئەدرکێنم ، وەکوو :**
**خۆشەویستیی خاك**
**من جەستەیەکم ژینێکی نوێم لێ سەرهەڵئەدا**
**من ئازاردراوم**
**ناخەوەم دابێژدابێژ کراوە**
**من وەچەی مرۆڤێکم ، کە تەمەنی سێ هەزار ساڵە**
**خۆشەویستیو منالو کرێکارەکان بەدوامەوەن**
**بەشێنەیی ، لەگەڵ ئەوان هاتووم**
**لەسینەی مەزنەدا ، شوێنی هەزارانم کردۆتەوە ..**
**ئەی ئەمەریکاییەکە ، من دلداریم کردوە**
**من وەکوو تۆ نیم ، من خۆشەویستم**
**لەگەڵ چاخەکان دواوم**
**کاروانەکانم دواندووە**
**ژێر پێم ، شەقار بووە**
**پێوپلم ، ئارەقی ڕەشوشین دەرئەدەن**
**بە بازووی من ، ئەم زەوییانە گەشانەوە**
**من یەکەم دارزەیتوونم لە (ئیجە)دا ناشت**
**من نەبوایەم ، ئەدارزەیتون نەبوو ، ئەلۆکە ، ئەنەوت..**
**من نەبوایەم ، ئەم گەشەهەورو**
**ئەم باوبارانە ، نەئەهاتن**
**ژیان·نە ئەژیا ، دەنگی توخم نەئەبیسترا**
**هەزاران ساڵ ، هەزاران جار ، مردم**
**کەچی سەرلەنوێ ژیامەوە**
**ئەی ئەمەریکاییەکە ،**
**گوێم بۆ شلکە**
**چۆن دەسبەرداری ئەم شتانە بم**
**چۆن دەسبەرداری ، منالانی نیشتمانەکەم بم ،**
**چۆن .. ؟**

وەکو ئاشکرا و ڕوونیشە ، لەهەر یەکێ لەم قۆناغانەشدا ئەدەبی زاخدراوی هەریەك لە گەلانی ئافرۆئاسیایی دەوری دیاری خۆی بینیوەو خۆی بەرەوتی ئەدەبی گەلانی ترەوە بەستۆتەوە .. بێگومان سەردەمانێكو ئەمرۆشی لەگەڵ دابێ ، زاراوەی (ئافرۆئاسیایی) بۆ ئەدیبانی هەردوولا بووە بە مەفهوومێکی تازەی نەتەوەیەکی تری فراوانو گەورەتر ، سەرباری نەتەوە ڕەسەنەکەی خۆیان ، چونکە پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی هەردوولای بەم واقیمە بەستووەو ئەبەستێتەوە .. هەر ئەو گرفتو مەسەلانەیشە کە سەرلەبەری گەلانی هەردوو کیشوەرەکەی بەیەك گرێداوەو کردوونی بەیەك نەتەوەو جۆری پەیوەندیە روحیەکەی قووڵترو هەموو جۆرە بانگو داتلیشانێکی کۆنەپەرستانەی نوقمەسار کردووە .. هەروەکو چۆن لەم پارچە شیعرەی ، شاعیری گەورەی سەنیگاڵ (عوسمان سەمبینی) دا خۆی نیشانئەداو باسی قامکی ئیمپریالیزمو قامکی سەربازە چلکاوخۆرەکان ئەکاتو ئەڵێ :

**لەسەر ڕووبارو زمانەکان**
**لە ئەورووپاو ئاسیاو چینو لەئەفریقیادا**
**لەهیندستانو ئۆقیانووسەکاندا**
**با قامکەکانمان لەیەك گیر بکەین**
**تا ئەو قامکە بشکێنین**
**کە ئازاری مرۆڤایەتی ئەدات ..**

لە هەمان دەردەنگا ، شاعیری ئازەری ( میرزا تۆرسن زادە ) لەپارچەشیعرێکی دلاوێزیا ئەڵێ :

**ئەمرۆ ئیمپریالیزمەکان ناتوانن**
**خوێنی جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادی بشارنەوە**
**چونکە هەر تنۆکێ لەو خوێنانە**
**چراوگێو لیزگی روناکییەکەو**
**لەهەموو شوێنێا پەرشوبلاو ئەبێتەوە ..**

بۆیە هیچ سەیر نیە ، گەر پەیوەندیەکی قووڵو ڕەگدار لە نێوان گەلی هیندستانو گەلی ڤیتنامو گەلی مۆزەمبیقا هەبێت ، شاعیرانی گەلی کوردستان بنە ئاوێنەی ئەسکەندەرو دیدەو خەباتو حەزی گەلی

عەرەبی فەلەستین پیشان بدەن ، یان گەلی تورك ، بێنە هاواری گەلی ئەرتیریا ، فارسێك ، یان ئەفغانیەك بۆ گینیاییەك بلاڵێتەوە ، یان ژاپۆنیەکی سەوداسەرو مەرد مەدغەشقەریەك لە هەمێز بکات ... تاد ...

ئا ئەمەیە بانۆراما رازاوەکەی مرۆڤایەتی و مانای مێژوویی ئەم زاراوەیەو ئەو پەیوەندییە راستەو ڕەوانە ...

هەر ئەم دیاردەیەش ، گەلێ رێساو بنەمای گشتیو سەرەکی بە خودی ئەدەبیاتی ئافرۆئاسیایی بەخشیوە ، وەکوو :

**یەکەم** : یەك مەبەستی مێژوویی ، لە ناخو خودی ئەم ئەدەبەدا لەجوڵەدایەو ـ هەر چەندەیش شێوازو فۆرمەکانیشی لەیەك جیابن ـ ئەدەبێکە بەندە بە خەباتی گەلانی هەردوولا ، لە قۆناغە جیاجیاو هاوقۆناغەکانیدا ، هەر لە کۆنەوە بگرە تا ئەمرۆی لەبەرچاو .

**دووەم** : ئەم ئەدەبە لە پێودانگێکی مرۆڤانەوە بێ هەڵەگرێو بڕوای بەبرایەتیو سەربەستیو یەکسانی هەیە ، نەك تەنیا بۆ گەلانی هەردوو کیشوەرەکەو بەس ، بەڵکو بۆ هەموو جیهان ، بەمەیش گرەوی ڕەسەنایەتیو مرۆڤایەتی لە ئەدەبی نارەسەنی – ئەکرەسەن ـ ڕۆژاوا بردۆتەوە ... ئەی نابینی شاعیری ئەندەنۆسیا (چۆك مۆلێونی) لەم پارچە شیعرەیدا چی ئەدرکێنێ :

**ئەی برای گەوزیوی نێو سپیاتی**
**تەنیا تۆ لە نێو خۆلا نیت**
**دەنگێ وەکوو بروسکە**
**لەنێو دڵما ئەبریسکێتەوە**
**خەمم لێواو لێو ئەبێت**
**فرمێسك لەسەر روخساری خاك**
**جۆگە ئەبەستێ**
**گیانی جەزرەبەدراوم**
**لەبەردەم خەمی خۆمو خەمی عالەم**
**کرنۆشت بۆ ئەبات ..**

**سێیەم** : ئەدەبێکە ، ئەرکی مێژوویانەی خستۆتە سەر ئەرەی شانو لەهەمان کاتیشا ڕووبەڕووی مەسەلەی داهێنانی هونەری بووەتەوە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی کاری هونەریو ئیلتیزامی سیاسیو کۆمەڵایا بیۆڕێت .

**چوارەم** : ئەم ئەدەبە هەوڵی تێکشکاندنی هەموو جۆرە بەهایەکی ڕزیوی فیکریو کۆمەڵایەتی کرمەژن تێکەوتوو ئەدات کە ئیمپریالیزمی دڵرەشو پستویەتی جێگیری بکات ، لەهامان کاتا سەوزەپەینی بەهای تازەو پاکی مرۆڤانە ئەهێنێتەکایەوەو رەگی پێ دائەکوتێت .

**پێنجەم** : لە نێو ئەم ئەدەبەدا ، دەنگی هیواو خۆبەختکردنو ئومێدو خەونی سەوز زۆر روونە ، ئەدەبێکە بڕوای بەمرۆڤو بەدوارۆژی مرۆڤەوە هەیە، ئەدەبێکی رەوانو دەستیارو پێشکەوتووە .. کاتێ کە شاعیرێك ـ لەهەردولا ـ زریکەیەکی پەنگخواردووی ژێر شوولی ژاڵەو قامچیەکان دەرئەبڕێ ، رەنگی هەرەپاکی ئەو ئەدەبە پڕ لە هیوایە ئەداتەوە .

هەر ئەو موژدەو دەنگەو خۆبەختکردنەشە ، لەلای شاعیری کۆنگۆلی (تیگایایۆتامزی)و لەقەسیدەیەکیا کە لە ژێر ناوی (چاوەکانت نۆقڵانەی ئازار ئەبەخشن) دایە دائەڕژێو ئەڵێ :

**باسی کەڕەناو سەد هەزار هەراوزەنا**
**ئاوازێکی هێمنم بۆ بژەنە**
**لەهەندێ شەوگارا ، وێنەی گڕی ئاگردانی هەندێ خانوو**
**بەئەندێشەمەوە ئەنووسێت ..**
**کاتێ کە پەروانەی شەو**
**لە پێناوی ئەو جێژگەیەی کە لە نێو فوڕولیتاودا**
**بانگی خەوتن ئەدا ، ئەگەڕێتەوە ..**
**کاتێ کە شەو ، ئاسمانو ڕیسمانی کۆنگۆ ئەمژێت**
**هانێ سەرم ، بیبەن**
**لەیری ئەو شەوەی کە فورسایی خۆی**
**خستۆتە بان گیانم ...**

**سەرچاوەکان :**

١ ـ گۆڤاری (لوتس) ژمارە (٣٢–٣٣ لە ٢-٣- ١٩٧٧
٢ ـ بڕوانەمەی ژمارە ⅛ی تۆماری کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئافروئاسیایی .
٣ ـ گوڤاری ئەدەبی ئافرۆئاسیایی ـ ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٨ .